Kurdisk sorani

لە کەشوهەوای ساردا جلوبەرگی دروست بکەرە بەری منداڵەکەت

کاتێک پلەکانی گەرما بۆ دە پلەی ژێر سفر دادەبەزێت، ئەوە بەس نییە کە منداڵ وەک گەورەساڵان جلوبەرگیان بکەیتە بەر. منداڵانی بچووک ڕێکخستنی گەرمبوونی جەستەیان لە گەورەکان خراپترە و پێستیان زیاتر کاریگەریی لێدەکرێت.



سارد و ناخۆش

ئەگەر منداڵ گریا و نووزە نووزی کرد، ڕەنگە ئەوە نیشانەی ئەوەش بێت کە سەرمایەتی.

سەر

کڵاوی هەوا و باگر کە هێندەی بکرێت بە باشی ناوچەوان و ڕوومەت و مل داپۆشێت.

ئەگەر زۆر سارد بوو، ئەوا **کرێمی دژە سەرما** بۆ دەموچاو بەکاربهێنە. ئەو کرێمانە بەکاربهێنە کە ئاویان تێدا نییە.

دڵنیابە و چێک بکە

چێکی پشتەمل و دەستەکانی بکە، ئەگەر منداڵەکە نە ئارەقەی کردبوو و نە سارد بوو، ئەوە مانای ئەوەیە کە پلەی گەرمییەکەی ئاساییە.

گەردن

گەردنی ئازاد و واڵا باشترە لە بەکارهێنانی ملپێچ.

بەشی دەرەوە

پۆشاکی ئاو- و باگر کە هەوا بدات. **بەدلەی سەرتاسەری** بۆ منداڵە هەرە بچووکەکان. وا باشە هەمیشە بۆ چوونە دەرەوە جلوبەرگی باگر و گەر کرا بە کڵاوەوە ببرێت.

بەشی ناوەوە

خورییەکی تەنک لە بەشی ناوەوە.

بەشی ناوەڕاست

خوریی زیاتر یان گەر بکرێت فلیس (فلیسی خوری یان فلیسی پۆلیستەر).

وا باشە **ئەژنۆ پارێز** بەکاربهێندرێت.

پێڵاو

پێڵاوێک کە لە دەرەوە بەرگەی سەرما و ئاو بگرێت. جزمە و پۆتینی فەروودار کە هەوا بدات.

جێگە بۆ **گۆرەویی ئەستوور** و گەر بکرێت **ناوکەفێکی** زیادەش.

منداڵانی گەورەتر

چەند پارچە جلێکی تەنک و نەرم بەکاربهێنیت باشترە وەک لەوەی جلی کەم و ئەستوور بەکاربهێنیت.

منداڵی ساوا. ئەگەر کەشوهەوا لە ژێر دە پلەی سەدییەوە بوو، باشترە منداڵی ساوا و زۆر بچوک لەگەڵ خۆتاندا نەبەنە دەرەوە. کرێمی دژە سەرما لە دەموچاوی منداڵی ساوا مەدە.

پولک (گالیسکەی سەر بەفر) بەکارمەهێنە

هەوا لەسەر زەوی ساردترە و منداڵ لەناو گالیسکەدا لە سەرمادا مردووە.

Oslo kommune
Bydel Gamle Oslo
Familiehuset

Besøksadresse Familiehuset: Grønland 30, 0188 Oslo

nyhetsgrafikk.no